# وڵامێک بۆهاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە

**مینە حسامی**

لە گۆڤاری پێشڕەو ژمارە ٢٤٠ - ٢٣٩ ریکەوتی دیسامبری ٢٠٠٧ دەقی وتوویژێکی هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە لە گەڵ رادیو "هەمبەستەگی" کە رادیۆیەکی مەحەلی شاری ستۆکهۆڵمە بڵاوکراوەتەوە. لەو وتوویژەدا هاوڕێ ئیبراهیم لە وڵام بە پرسیاری ناکۆکیەکانی ناو حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە لە سەر ئێمە دواوە و بە بێ ئەوەی ئیشارە بەوە بکا ناکۆکیەکە لە سەرچی‌یە؟ بە شیوەی تایبەتی خۆی ئێمە بە "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"ەوە هەڵدەپەسێرێ بۆئەوەی بەم جۆرە بیروباوەرێکی ترو جیاواز لە بەرژەوەند و باوەری خۆمانمان بخاتە پاڵ.

**هاوڕێ ئیبراهیم لە وڵام بەم پرسیارە "ناکۆکیەکانی ناو حیزبی کۆمۆنیست وکۆمەڵە عەلەنی بۆەتەوە وهەندێک لە سەردریژەی چالاکی بە ناو کۆمەڵە تەئکید دەکەن، ئێوەش لە سەرچالاکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە وەک ڕێکخراوی کوردستانی ئەم حیزبە پێداگری دە کەن، هۆکارەکەی چییە؟" دەڵێ:**

***"... ئەوباسە لە ناو ئێمەدا پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە. جیابۆنەوەیەک کە چەند ساڵ لەمەوپێش پێکهاتنی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی لێ کەوتەوە، لە راستیدا ڕێک هەر بە شوێن ئەم ئامانجەوە بوو. ئەو کات ئەم بەشە لە هاوڕێیانی ئێمە کە ئەم جیهەتەیان بوو هەر کامە و بە هۆکارێک نە کەوتنە گەڵ ئەو رەوتە، لە ناوریزەکانی حیزبی کۆمۆنیست وکۆمەڵەدا مانەوە وهەوڵیاندا هەر لە چوارچێوەی رە وتی ئێمەدا بە شوێن بۆچوونەکەی خۆیاندا بچن ... "***

هاوڕێ ئیبراهیم بۆئەوەی سناریۆکەی باشتر برازێنێتەوە و راستیەکان لە کۆمەڵانی بەش مەینەت و چەوساوەی کوردستان و ئێرانیش بشارێتەوە، تەنانەت زەحمەتی ئەوە بە خۆی نادا لە چەند پاراگرافدا بڵێ ئەم باسە بەو پێشینە دووورودرێژەوە لە سەر چی‌یە؟ تەنانەت خاڵێکیش سەبارەت بەوەی ئێمە دەڵێن چی و تا ئێستا چمان نووسیوە، وە بۆخۆی بەرانبەر بە هەڵوێستی ئێمە چی کردوە و چی نووسیوە، باس ناکا. بەڵام پەنا دەباتە بەر ئەم شاخ و ئەو شاخ کردن وحوکم دان. ئەوجۆرە حوکم سادرکردنانە بەرلە هەر شتێک ئەرکی راگرتنی کەسانی دەور وبەر دەگێڕێ و بۆ ئەوەیە کەش و هەوای بابی مەیلی خۆی لە دژی ئێمە هەڵخرێنێ.

هەڵبەت هاوڕێ ئیبراهیم لە رابردوداو ئێستاشی لە گەڵدا بێت، بۆ هاندان و بەڕیزکردن وهەڵخڕاندنی دەور و بەر لە دژی نەیارانی، هەمیشە زۆرترین مایەی لە خۆی داناوە وزۆرکارامە لەو بوارەدا هەنگاوی هەڵگرتوە. بەم جۆرەش هەم بەرواڵەت خۆی لە کێشەکان دور ڕاگرتوە و هەم کەمترین بەشی رەخنەشی بەر کەوتوە. دیارە تا ئێستاش ئەوە ئاسانترین وکەم دەردی سەرترین رێگە بوە بۆیان.

بە هەر حاڵ عەبدوڵا موهتەدی و هاورێیانی لە سەردەمی کونگرەی ٩ ی کۆمەڵەدا، لەم تەشکیلاتە جیا بوونەوە. ئێستا زیاتر لە ٧ ساڵ لەو جیابوونەوە گوزەراوە و، جیابوونەوەیەکی تریشیان تاقی کردوەتەوە. ئەوەی سەر سوورڕ هێنەرە ئەوەیە کە، هاوڕێ ئیبراهیم دوای ئەوەی ئەوان ئینشعابێکی تریشیان کرد ئەوخۆش باوەرییە دایگرتوە و پێی وایە بە هەڵپەساردنی ئێمە بەوانەوە دەتوانێ زەینی خەڵک بە لاڕێدا بەرێ!؟ بەڵام بە هەبونی ئینترنیت و سایت و ماڵپەڕی جۆراوجۆری ئینترنیتی، سەرەرای هەر کەندوکۆسپ سازکردنێک، کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە لە ئێران وکوردستان قسە و باسەکانی ئێمەشیان بیستوە و فەرق و جیاوازیەکانیش تەشخیس دەدەن.

هاوڕێ ئیبراهیم باش دەزانێ کە لە کاتی جیابونەوەی ئەوان لە ساڵی ٢٠٠٠دا، ئێمە نەزەرو هەڵوێستی سەربەخۆی خۆمانمان هەبوو، نەک ئەوجورەی ئێستا هاوڕێ ئیبراهیم بە مەبەستی چەواشەکاری دەیەوێ بە خەڵکی بسەلمێنێ. هەر وەها حەتمەن لە بیریشی ماوە کە بە دوای کونگرەی ٩ ی کۆمەڵەدا لە ٣ ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، کە لەو کاتدا، ئەرکی شی کردنەوەی ئینشعابەکەیان بۆدەرەوەی وڵات پێ سپێردرا، دوو کەسیان هەر لەو هاوڕێیانە بووین کە ئێستا بەو زمانە لە گەڵمان دەدوێ. هاوڕێیانی ناوەندی کۆمەڵە ساعد وەتەندووست و جەعفەر ئەمین‌زادە هەر ڕێک بە شوێن جیابوونەوەکەدا، لە وتو وێژێکی تێروتەسەل لە گەڵ رادیو کۆمەڵەدا لە سەر جەرەیانی ئینشعابی قسەیان کردوە ودواتر

له گۆڤاری پیشرەو، ژمارە ١٥٥ ریکەوتی ئوکتوبری ٢٠٠٠ بە چاپ گەیوە وکۆمەلآنی خەلکی کوردستانیش هەر ئەوکات لیی ئاگاداربوون؟ ...
ئیمە پیمان باش بوو هاوری ئیبراهیم بە ئیستدلالەوە قسە بکا، بەلآم ئەو پیی وایە خەلک فەرامۆشکارن و شتیان لە بیر نامینێ، بۆیە لە جیاتی تەوزیحی جیاوازیەکان، رووی کردوەتە تۆمەت لیدان و ئیبلیسێکی دروست کردوە و بەومان مونتەسەب دەکا.
ئاخۆ ئەو رەفتارەی ئەوکات و ئەوهەلوێستەی ئیستاتان بۆ کۆمەلآنی کریکارو زەحمەتکیش چۆن تەوزیح دەدەن؟

دەزانم هاورێ ئیبراهیم هەر لە پیش کونگرەی٩ ی حیزبی کۆمۆنیستەوە و لە شەش حەوت مانگی رابردوودا زەختی زۆری لە سەربووە کە بۆ راستەوخۆ لە سەر ئیمە و روو بە دەرەوە هیچ نالێ وتەنانەت وەک کومیتە ناوەندی "خامۆش" ناوی لێ دەبرا. تۆبلێی ئەو تانە و تەشەرانە و فشاری دەوروبەر وەها کارسازبووبێ، کە ئاوا بەڕاحەتی ڕاستییەکان کەتمان دەکا و ئاوەژوویان نیشان دەدا؟ هەموو ئیستدلالی هاورێ ئیبراهیم لەوەدا خولاسە دەبیتەوە: چون ئەوانەی سالی ٢٠٠٠ جیابوونەوە، رایان گەیاند بە ناوی" کۆمەلە"وە دریژە بە هەلسووڕانی سیاسیان دەدەن و ئاکامی پرۆژەکەشیان ئەوەیە کە بینیمان، ئیمەش کە داوامان ئەوەیە فەعالیەتی هەموو تەشکیلاتی ئیستامان بە ناوی کۆمەلەوە بیت و ئیستدلالمان کردوە کە ئەو تەشکیلاتە هەر کۆمەلەیە و ناویکی تریشمان بار کردوە و ئەو کارە بە قازانجی کۆمەلآنی کریکار و زەحمەتکیش و داهاتووی کۆمەلەش دەزانین و لەو بابەتەوە شتمان کوتوە و مەتلەبمان نووسیوە و خەلک بیستوویانە و بەوەی وتووشمانە وەفادارین، دەیهەوێ ئەوە بقبلێنێ کە ئەمە هەمان شتە و ئیمتحانی خۆی داوە، و لە ئیدامەیدا بۆ دووپات نەبوونەوەی ئەو رووداوە، "ڕینوینیش" دە کا.
ئەولیکدانەوەی هاورێ ئیبراهیم هەتا حەزکەی ڕوالەتیکی چەواشەکارانەی هەیە. چون ئەو بە باشی دەزانێ کە ئیمە بە بەرژەوەند و بە سیاسەت لە گەل ئەوان تەواوەن جیاوازین. ئاشکراشە کە بەو دەلیلە پەنای بردوەتە بەر فورمولبەندی لەو چەشنە و خۆ لە قەرەی ناوەرۆکی هیچ بەحسێکی شەفاهی یا کەتبی ئیمە نادا.

ئیمە بڕوامان بە بەرژەوەندی رزگاری بەخشی کریکاران و خەلکی بەشمەینەت و چەوساوە بوە و، ئیرادەیەکی پتەومان هەیە بۆ دریژە پیدانی لە هەموو هەلومەرجیکی سەخت و دژواردا و ژیانی خەباتکارانەمان هەر چەشنە تۆمەت و بەرچەسبێکی نارەوا پووچەل دەکاتەوە. لەو رابیتەیەدا ئیمە موحتاجی هیچ چەشنە وفاداریەکی سەتحی نین کە ماوەیەکی زۆرە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئیراندا بوەتە باو.
هاورێ ئیبراهیم تەواوی زانیاری خۆی گرتوەتە کار بۆ ئەوەی نەلێ ئیمە، کەسانی حەی وحازر، زیندوو و فەعال لە ناو تەشکیلاتدا، دەلیین چی و لە چ رەوشگەلیک رەخنەمان هەیە. چون وەها لیستیک، لە خودی هاورێ ئیبراهیم، لە سیاسەتەکانی و رەوشە تە شکیلاتیەکانییەوە دەست پیدەکا. ئەو، بەردەوام پیی خۆش بوە بچیتە شەری ئەرواحەوە تا سەرکەوتنەکەی مسۆگەربیت. هاورێ ئیبراهیم ماوەیەکە بەردەوام ئەوەی دووپات کردوەتەوە کە بۆچوونەکانی ئیمە وەک هی چ کەسانیکە وچ چارەنووسێک چاوەڕوانمان دەکا.
ئەگەرباس لە سەر ویک چوونی باسەکان بیت، شیوەی سوخەنرانی وئیستلاحاتیک کە لە لایەن ئەوەوە بەکاردەبرێ، کوت ومت ئەو شتانەیە کە حەواریەکانی کومونیسمی کریکاری بەو رۆژگارە دوپاتی دەکەنەوە. هەرچەند تاکوو ئیستا- سەرەڕای هەول و نەرمی نواندنی زۆر- هاورێ ئیبراهیم لەوبوارەدا قازانجیکی نەکردوە.

لانی کەمی چاوەڕوانییەک کە دەکرێ بتبێ ئەوەیە کە هاوری ئیبراهیم سەمیمانە بە لایەنگرانی خۆی بلێی کە بەراستی بەرەوکوییان دەبا؟ وە ئەگەر ئەو شەباهەتانە لە گەل کۆمۆنیسمی کریکاری کە هەموان لە سەری دەدوێن، زاهیریە، کە واتە جیاوازییە نادیارەکان لە کوێدان و کەی خۆدەنوێنن؟

ئایا هاوڕێ ئیبراهیم لەوماوە یە دا بەوقەناعەتە گەیوە کە کۆمەڵەی پێش پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست، چەپ و سوسیالیست و کۆمۆنیست نەبوە؟ (هەر ئەو جۆرەی لق و شاخە و شانە جۆراوجۆرەکانی حیزبی" کۆمۆنیستی کرێکاری" ئێران پێی گەیون) ئەگەر غەیری ئەوەیە، بۆ کارکردن بە ناوی کۆمەڵە دورت دەخاتەوە لە کۆمۆنیسم؟ بەڵام کارکردن بە ناوی حیزبی کۆمۆنیست، کۆمۆنیست بوونت دەپارێزێ؟!

ئێمە لانی کەم بە دوای سەر هەڵدانی شۆڕشی جەماوەری کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا شاهیدی گەشە و پەرەسەندنی رەوتی چەپ و سوسیالیستی لە کوردستان داین. ڕەوتێک کە دەور و نەقشی کۆمەڵە تێیدا بەرچاوە و بۆ هەموان روون و ئاشکرایە و کەس نکۆڵی لێ ناکا. بەڵام نزیک ٢٥ ساڵە حیزبی کۆمۆنیست پێکهاتوە و خەبەرێک لە نفووزی کۆمەڵایەتی ئەو تەشکیلاتە "سەراسەریە" لە باقی شوێنەکانی ئێران، لە دەستدا نی‌یە.
نفووز و ئێعتباری کۆمەڵایەتی کۆمەڵە لە کوردستان، رەوانی‌یە بە پێگەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بنووسرێ.
ئەوەی بوئیمە گرینگ و حە یاتی بوە و هەیە، چارەنووسی کۆمەڵەیە. ئەویش نەک بە تەنیا لە بەر ناوەکەی، بەڵکوو لە بەر رێبازەکەی. بە هۆی میژووی خەباتێکی رەوا و عادڵانە و بەرحەق، بە هۆی ئەو هەموو تێکۆشان و فیداکاری و سەداقەت و کۆڵنەدەریە، کە لە پێناو بەدەس‌هێنانی مافی کرێکاران و خەڵکی بەش مەینەت و چەوساوە کراوە. بە هۆی خەباتی شێلگیرانە لە پێناو نەمانی ستەمی نەتەوایەتی لە سەرخەڵکی کوردستان و بو دیاریکردنی مافی چارەنووسی ئەو خەڵکە ستەملێکراوە بە رەئی ئازادانەی خۆیان. بە هۆی بردنە پێشی خەباتێکی رەوا و بەرحەق لە دژی داب و نەریتی دواکەوتوانەی پیاوەمەزنی و خەباتی بێ وچان بۆ نەمانی هەڵاواردنی جینسی و نەمانی هەر چەشنە ستەمێک لە سەرژنان. بۆ دابین کردنی ئازادی و یەکسانی لە هەموو بوارێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و، سەرئەنجام بۆ پێکهێنان و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی. دیارە هەمووشمان لە سەرجەمی ئەو خەبات و تێکۆشانەدا بەشدار و شەریک بووین و کەس ناتوانێ بە ئاوەژوو نیشاندانی ڕاستییەکان و بە سووڕاندنی نووکی قەڵەمێک خەڵکی دیکەی لێ بێ بەری بکات. ئەو ڕێبازە و کۆمەڵێک سوونەتی باش، بوەتە پێناسەی کۆمەڵە و بۆیە ئەو ناوەش بۆهەموومان ئازیز و خۆشەویستە. کۆمەڵە بەرهەم و دەسکەوتی رێبازی سیاسی- کۆمەڵایەتی رەوتیکی چەپ و شۆڕشگێڕ و سوسیالیستە لە کۆمەڵگای کوردستان، کە لە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی شارە و گوندەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو بەهرەمەند بوە و، هەر لەو ڕێگاشەوە نفووز و جێ پێ‌یەکی مەحکەمی کۆمەڵایەتی بۆ مسۆگەر بووە. کۆمەڵە ملکی شەخسی کەسێک یان گروپێکی تایبەت نی‌یە. هەموومان هەڵسووڕاو و تێکۆشەری ئەو رەوتە بووین. هەر زەمان سەختی و تەنگ و چەڵەمەیەکیش بۆ کۆمەڵە، وەک ئەو رەوتە دیاریکراوە کۆمەڵایەتی‌یە کەوا ئاماژەم پێکرد هاتبێتە پێش، لە ڕیزی پێشەوەی بەرگری لە ئامانج و ئارمانی ئازادیخوازانە و ویستی یەکسانی خوازی و سوسیالیستی ئەو رەوتەدا بووین و لەو بابەتەوە خۆمان بە مەدیونی کەس نازانین.

٢٨ . ١٢ . ٢٠٠٧